# بۆ بەرپرسی کوردستاننێت، ڕێزدار کاک «عومەر فارس»

وێڕای ڕێز و حورمەت، لە ڕێکەوتی 2005-09-17 دا، بابەتێکی جەنابتانم لە ڕیزی بابەتە پێشکێشکراوەکانی ڕۆژی تایندا خوێندەوە کە تێیدا وەڵامی کاك «جەمال عەزیز»تان دابووەوە. لەو جێیەی ڕا کە جەنابت ـ بەم چەشنەی لە وەڵامەکەتدا هاتووە ـ «کوردستاننێت»ت وەک (دەزگایەکی ڕاگەیاندنی نەتەوەی{ی} کوردی) داناوە، بە پێویستم زانی ئەو چەند دێڕەی خوارەوەت وەک ڕەخنەیەکی دڵسۆزانە ئاراستە بکەم و، لە کۆتاییشدا دەقێکی ڕاستکراوەی خۆمت لە ڕووی وەڵامە ئۆرجینالەکە پێشکێش بکەم.
هەروەک ئاگادارن، لە ڕێکەوتی 2005-09-15، لە «گزینگ»دا کە (چەند سەرنجێک..)ی لەم چەشنەم سەبارەت بە نامەی (سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستانی عێراق)، بۆ بیروڕای گشتیی خوێنەرەوانی ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاوکردبووەوە، بەشێکی زۆر لە نێوەرۆکی سەرنجەکان، بە پێی ئەو پەندە کوردییە: «بووکێ گوێت لێ بێ خەسوو دەگەڵ تۆمە»، جەنابتیشی دەگرتەوە کە نامەی گۆڕینت بەبێ هەڵەگرتن و ئێدیتکردن، لە ڕیزی بابەتەکانی ئەوڕۆژەدا دانابوو.
کەوابوو، منێک کە ڕەخنەم لە چەشن و شێوە نووسینی بابایەکی پەرلەمەنتار گرتبێ کە کار و ئەرکی وی زیاتر سیاسی یە تا زەمانەوانیی، چۆن دەکرێ لە ئاست بەرپرسی ماڵپەڕێکی کوردی کە دەبێ ڕێز و دڵسۆزییەکەی بۆ زمان و شێوەی خاڵبەندیی و دروستنووسین لە کەسانی ئاسایی چەند قات زیاتر بێ، بێدەنگ بم. بۆیە داواتان لێدەکەم لەمەودوا ئەرکی نووسین و کاری ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیکی بە هێندبگرن و، لانیکەم نۆڕمە پەسندکراوەکانی زمانی کوردی ڕەچاوبکەن.
دیارە، ژمارەی هەڵەکان چ لە باری ڕێزمانیی و چ لە باری خاڵبەندیی و ڕێنووسەوە ـ هەروەک لە بابەتە ئۆرجینالەکەدا دەستنیشانکراون ـ ئەوەندە زۆر و بەرچاون، وام بە باش زانی کە دەقێکی ڕاستکراوەی بابەتەکە بخەمەڕوو، وە ئیجازەش لە بەڕێزتان بخوازم وەک خۆی لە (کوردستاننێت)دا بڵاوی بکەیەوە و، کە نەشتانویست ئەوا من بە مافی خۆمی بزانم لە ماڵپەڕی «گزینگ»دا بڵاوی بکەمەوە.

س. چ. هێرش، 2005-09-17

• • •

دەقی ڕاستکراوەی بابەتەکەی کوردستاننێت، بە لەبەرچاوگرتنی داڕشتن، ڕێزمان، ڕێنووس و خاڵبەندیی:

ڕیزە وەڵامێک بۆ کاک جەمال عەزیز
• عومەر فارس عەزیز

برای بەڕێزم، کاک «جەمال عەزیز» لە 2005-09-08 دا، نامەیەکی ئاراستەکردم و لە ڕۆژی 09-2005-09دا، منیش لە کوردستاننێتدا بڵاوم کردەوە. منیش{یەکیان زیادی یە} بە خۆشییەوە لەم چەند دێڕەدا ئەم وەڵامەی بۆ دەنووسمەوە و داوای لێبوردنی لێدەکەم، کە وەڵامەکەم دواکەوت.
براکەم! کورستاننێت وەک دەزگایەکی نەتەوەیی کوردیی، ستراتیجی خزمەتکردنە بە گشت چین و توێژ و جۆر و ئایدۆلۆژییەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری{یە، زیادی یە}. بۆیە دەرگای بۆ هەموو

جۆرە پێنووس و ئایدیایەکان کراوەیە، بە مەرجێ خزمەت بە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری و مرۆی کورد و گۆڕانکاریی سەردەم بکات. لای بەڕێزتان و گشت ڕۆشنبیرانی تری نەتەوەکەمان ئاشکرایە گۆڕان و پێشکەوتن ئەرکی گشت توێژەکانی کۆمەڵگایە، {دەبێ}هەرکەسێک لە ئاست توانا و بواری خۆیەوە هەوڵبدات.
نامەکەت و سەرنجەکانت لەمەڕ نووسینەکانی برای نووسەر «جەزا چنگیانی» جێی ڕێز و پێزانینە، وەلی ڕێگەگرتن لە کاک جەزا و هەرکەسێکی تر دەبێتە دروستبوونی سانسۆرێکی ناسەردەم کە ئێمە وەک کوردستاننێت تا سەر ئێسقان دژین. چونکە کۆتوانای کوردیی بە هەموو شێوەکانیەوە هێندە لە ژێر باری سەختی سانسۆریی داگیرکەرانی کوردستاندا چەوساوەتەوە{؟!} هەناسەیان لە توانی مرۆڤی کورد بڕیوە{بڕیبوو}. جا ئێستا ئەگەر ئێمە بە پێوەرەی جۆری ئایدۆلۆژی و تێڕوانینەکان سانسۆر دابنێین، کەواتە بڕوامان بە ئازادیی تاکی کۆمەڵ نییە. دەکرێ ڕۆژێک کەسێک پەیدا بێ و تێڕوانین و فەلسەفەی بەڕێزتانی بەدڵ نەبێت و، نامەیەکمان بۆ بنووسێ ئێمەش دەست بخەینە بینی نووسینەکانی بەڕێزتانەوە{زیادی یە}، ئەمە تاوانە لە بەڕێزتان، تێڕوانینی بەڕێزتان و توێژێک یان تاقە کەسێکی کۆمەڵگای کوردی دەگیرێ{توخوا هیچ مانایەکی هەیە.. لە یەک ڕستەدا سێ جار بەڕێزتان دووپاتەکراوەتەوە!} کە ئێمە زۆر دژی ئەم پرینسیپەین.
بەڕێزتان و گشت کەسێکی تر، بۆی هەیە زۆر بە ئازادی و ڕاشکاوی ڕەخنە لە کاک جەزا و هەر نووسەرێک و{تەنانەت} کوردستاننێت{یش} بگرێت بڵاوی دەکەینەوە. ئەو ژیانەی کە بەڕێزتان هەڵتان بژاردووە تایبەتە بە بەڕێزتان و هەروەهاش کا{ک} جەزاش وا{ «ش»ێیەک زیادی یە و، «وا»ی دواتریش}. بەڕێزتان چۆن بەختیاری بەو ژیانە، کاک جەزاش هەروەها. جوانی لەوە دایە کە کۆمەڵگا چەپێکی بیر و ڕەنگ ئایدۆلۆژی بتەوەی{پتەوی} پێکەوە بێت، نەک تەنیا ڕەنگی وەک کۆمەڵگا دیکتاتۆرییەکان{نازانم بەتێکڕایی مەبەستی لەم ڕستەیە چییە، بەڵام دەزانم مەبەستی لە کۆمەڵگا دیکتاتۆرییەکان، ڕژێمە توتالیتێر و دیکتاتۆرییەکانە}.
سوپاس بۆ نامە و سەرنجەکانت.

برات: عومەر، بەرپرسی کوردستاننێت

• • •

• سەرنج: هەرچی دە ناو ئەو نیشانە{...}دانووسراوە، لە منەوەیە ـ س. چ. هێرش.

دەقی ئۆرجینالی «کوردستاننێت» (نیشانەکان لە لایەن منەوە داندراون ـ س. چ. هێرش):

www.kurdistannet.org

17-9-2005 1:09 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕێزە وەڵامێک بۆ کاک جەمال عەزیز ... عومەر فارس عەزیز

برای بەڕێزم کاک جەمال عەزیز لە 8-9-2005 دا نامەیەکی ئاڕاستەکردم و لە ڕۆژی 9-9-2005 دا منیش لە کوردستان نێت دا بڵاوم کردەوە. منیش بە خۆشییەوە لەم چەند دێڕەدا ئەم وەڵامەی بۆ دەنووسمەوە و داوای لێبووردنی لێدەکەم، کە وەڵامەکەم دواکەوت.

براکەم کوردستان نیت وەك دەزگایەکی ڕاگەیاندنی نەتەوەی کوردی ئیستراتجیتی خزمەتکردنە بە گشت تۆیژ و چین و جۆر و ئایدۆلۆژییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەوارییە. بۆیەدەرگای بۆ هەموو جۆرە پێنووس و ئایدایەکان کراوەیە، بە مەرجی خزمەت بە ڕوەتی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری و مرۆی کورد و گۆڕانکاری سەردم بکات. لای بەڕێزتان وگشت ڕۆشنبیرانی تری نەتەوەکەمان ئاشکرایە گۆڕان و پێشکەوتن ئەرکی گشت تۆیژەکانی کۆمەڵگایە، هەر کەسە لە ئاست تواناو بۆاری خۆیەوە هەوڵبدات. نامەکەت و سەرنجەکانت لە مەر نووسینەکانی برای نووسەر جەزا چنگیانی جی ڕێز و پیزانینە. وەلی ڕێگەگرتن لە کاك جەزا و هەر کەسێکی تر دەبێتە دروستبوونی سانسۆریکی ناسەردەم کە ئێمە وەك کوردستان نیت تا سەر ئیسقان دژین چونکە کۆتوانای کوردی بە هەموو شیوەکانیەوە هێندە لە ژیر باری سەختی سانسوری داگیرکەرانی کوردستاندا جەوساوەتەوە هەناسەیان لە توانی مرۆڤی کورد بڕیوە جا ئیستا ئەگەر ئێمە بە پێوەری جۆری ئایدۆلۆژی و تیروانیەکان سانسور دابنین. کەواتە بڕوامان بە ئازادی تاکی کۆمەڵ نیە. دەکری ڕۆژیك کەسیك پەیدا بێ و تیڕوانین و فەلسەفەی بەڕێزتانی بە دڵ نەبیت و نامەیەکمان بۆ بنووسی ئێمەش دەست بخینە بینی نووسینەکانی بەریزتانەوە ئەمە تاوانە لە بەریزتان تیڕوانینی بەڕێزتان و تویژیك یان تاقا کەسێکی کۆمەڵگای کوردی دەگیری کە ئێمە زۆر دژی ئەم پڕینسیبەین، بەریزتان وگشت کەسیکی تر بۆی هەیە زۆر بە ئازادی و ڕاشکاوی ڕەخنە لە کاك جەزا و هەر نووسەر و کوردستان نیت بگریت بڵاوی دەکەینەوە. ئەو ژیانەی کە بەڕێزتان هەڵتان بژاردووە تایبەتە بە بەڕێزتان و هەروەهاش کا جەزاش وا، بەڕێزتان چۆن بەختیاری بەو ژیانە کاك جەزاش هەروەها جوانی لەوەدایە کە کۆمەڵگا چەپێکی بیر و ڕەنگ و ئایۆلۆژی بتەوەی پێکەوە بێت نەك تەنیا ڕەنگی وەك کۆمەڵگا دیکتاتوریەکان.
سوپاس بۆ نامە و سەرنجەکانت

برات عومەر بەرپرسی کوردستان نیت.